# مافی دیاریکردنی چارەنووس مافی مەردم کوردە ئانکو ئی تاکەکەس!!

لەوەتی مافی گەل و نەتەوەیەل بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هاتگەسە هولێ ، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو تیئۆریانەی ، بە چەپ و ڕاستەوە – کمونیزم و سەرمایەداری - کو گەنگەشە ئەم مژارەیان کردگە ، پاکانەیان لۆ ئەم مافە لە سەر بنەمای مێژوویی و فەرهەنگی و خاک و نیشتمان و زمان هەڵ چنیوە . مێژوو و مێژینەی گەمەی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی و دیپلۆماتیکی بەم مافە بە ڕوونی دەری دەخاتن کە هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندی یاریکەرانی سیاسی پتر لە هەموو دەمەقاڵەیەکی سیاسی و تیئۆریکی دەوری هەبووە جە دابین کردنی ئەم مافە ژ بۆ هەر گەل ئانکو نەتەوەیەک .

ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان خاڵێکی مێژوویی وەرچەرخانی بزاڤا نەتەوەیی ێن کورد بوو کو هێدی هێدی دۆز و مژاری سەربەخۆیی کوردستان و مافی کورد لە دیاریکرنا چارەنووسا خوە دە هێنایە گۆڕێ . پێشتر زۆرینەی هەرە زۆری هیزە سیاسیەکانی کوردستان تەنانەت لە هێنانە ئارای ئەو مافە ژ بۆ کوردان ئەسڵەمینەوە و لە داگیرکەران پتر پاکانەیان بۆ ئەوە ئەکرد کە کاتی دابین کردنی ئەو مافە بۆ کورد لەبار نیە و هێشتا ماویەتی کە کورد بتانی ئەو مافە لۆ خۆی دەستەبەر بکاتن ، وەک تە بێژی کو کوردان هێژ نەوەکام و خاون و هەزاران ساڵ مێژووی تۆمارکراو بەس نەبوو ئەڕای سەلماندی بوونی کورد چونە نەتەوەیەکی سەربەخۆ . لەمەیچ فرەتر ئەوەسە کە ئەم مافە ، بەگوێرەی چۆنیەتی دیاری کراوی یان ژی گەر وەکی فورمولێکی سیاسی سەیری بکرێتن ، بەند نیە بە کات و زەمانەوە و ئەوە تەنیا نەگبەتی و نەهامەتی کورد بوو کە مەرجی کات و زەمانی بۆ دائەنا .

لەم ساڵانەی دوایی دا نەخاسما پاش سەرهەڵدانی هۆڤانەتی ئیسلامی داعش و دەوری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تێکشکاندنی ئەو هۆڤانانە لە کوردستان ، نرخ و بایەخی کورد و دۆزی نەتەوەیی کورد فرە هەڵی دا و هاوتەریب وەگەرد ئەمەیچ مژاری سەربەخۆیی کوردان جە باشوور گەهشتە ئاستەک فرە باڵکێش و دەهاتە چاوەڕێ کرن کو بەم زووانە مەردم کورد جە باشوور بەو مافە شا و خەنیی دەبن و مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەڕای خۆیان دەستەبەر ئەکەن . جە ئاستی جیهانی دە وسا خویا دەکر کە زۆرینەی هیز و لایەنە سیاسیە کارساز و چارەنووس سازەکان دەگەڵی دا کۆکن . دژایەتی پ ک ک وەگەرد سەربەخۆیی کوردستان ئەچێتە ناو بازنەی ستراتیژی داگیرکەرانی کوردستان و ئەو هەڵیت و پڵیتانەی کاوێژی ئەکەنەوە دە خزمەتی دوژمنانی کوردە . کارایی و کاریگەریی شەڕی پێشمەرگانەی پێشمەرگەی کوردستان جەو ئاسەتە دە بوو کە بێجگە لە یەک دوو دەنگی چاوەڕانکرای داگیرکەرانی ڕاستەوخۆی کوردستان مینا عارەب و عەجەم و ترکان لەمانیشەوە بۆ پ ک ک ، ژ دژی سەربەخۆیی کوردستان ، هەمووان وەگەردی کۆک و ساز بوون . ئەم ڕاستیەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە هێزی پێشمەرگە وەکی هۆکاری یەکەم و سەرەکی لە سەلماندن و چەسپاندنی ئەو مافە ئەڕای کوردیەل دەوری بووگە ، فرەتەرتەر جە هەر تیئۆری و دەمەقاڵەیەکی سیاسی و ئی دن .

ولو دەهاتە چاڤەرێ کرن ژی کو بەشداری شاندی کوردستان ژ کۆربەندەکەو ئابووری جە داڤۆس هەر هیچ نەبێت هەنگاوێک ، هەر چەند بچووک ژی ، ژ ئاقاری سەربەخۆیی کوردستان باوێت و ڕێچکا سەربەخۆیی فرەتەرتەر خوەش بکاتن . ئەو چاوەنۆریە نەهاتە دیتن ، مخابن . جە هەمبەر ئەمەش دا دان و سەندنا ئیرۆی سەرۆکی شاندەکەی کوردستان ، ٢٠١٧/١/٢٣ ، وەگەرد ڕۆژنامەی شەرقول ئەوسەتی عارەبی کایەکەی بە تەواوەتی گۆڕی و مژار و دۆزی سەربەخۆیی کوردستانی دابەزاندە سەر ئاستی رقەبەری و ڕکەبەری کەسایەتی نێوان دوو کەس و بەمەش بنەمای مێژوویی و فەرهەنگیی و نیشتمانیی و نەتەوەیی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بۆ کوردانی ، بە تەواوەتی هەڵ تەکاند . سەرۆکی کوردستان ئووشت کە گەر مالکی وەک سەرۆک وەزیری عێراق بزڤرێتەوە لۆ دەسەڵات ئەوا جەنابیان یەکسەر سەربەخۆیی کوردستان ڕائەگەێنێ بە بێ گوێدانە هیچ کەس و لایەنێک و هەرجێ ڕوو ئەدات با ڕوو بدات .

بلا جارێ ئەوە ڕوون بێت ژ هەر ئالیەک رە کو پڕیاردان لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس مافی تاکە کەسی نیە و هیچ تاکە کەسێک نۆی نیە یاری بەو مافە بکات وەک سەرۆکی نایاسایی ئانکو ماوەبەسەر

چووی ئێستای کوردستان دەیکات . ئەو مافە ، مافی گەل و نەتەوەیە کە لە گشت پرسیەک دا ئەچەسپێندرێ و ڕەوایی یاسایی و ئاسایی ، گۆڕ یاساگەل نێونەتەوەیی ، ئەدا بە مافە دەستەبەرکراوەکە . گەر ئەوە پڕیاری تاکە کەسێک بێت کە ئەو مافە دیاری بکات ، شتی ولو قەت نەبووە و نابێت ، ئەوە ئیدی وەها پڕیارێک ، پڕیارێکی دۆڕاو ئەبێت جە گشت ڕوویەکەوە و پرشتی نابێت و بە سانایی لەبار ئەبردرێت .

پشت گوێ خستن (negligence) لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەمازە ژ کاروفرمانی دەرمان و دوکتوری تاوانە لە وڵاتانی خواپێداو و پێگەیشتوو و پێشکەفتگ دا و سزای خۆی هەس . لەوانەیە کە تاکە یەک کەسیش دەس نەکەفێ کە ئاوا بە ئاشکرا بووشی کە گوێ ناداتە هیچ کەس و لایەنێک لە مژاری چارەنووس سازی نەتەوەیەک . جە داڤۆس تووڕەیەکی تایبەتی بە سەرۆکی کوردستانەوە دیار بوو کە لەوانەیە ڕەنگدانەوەی بێ بار بوونی ئەو بەزمەی کلاوس شواب ، ڕێکخەر و دامەزرێنەری کۆڕبەندەکەی داڤۆس ، ژ کوردان رە هۆکاری ئەو تووڕەیی یە دیارەی سەرۆکی شاندی کوردی بووبێت . بە عارەبی ئاخافتنی ساندی کوردی لە کۆڕبەندەکە دا ئەوەی دەرخست کە کورد هێژ نەگەیشتووتە ئەو ئاستەی کە بەشداری چالاک و کارا بووت جە " چارەمین شۆڕشی پیشەسازی " یەکەی کلاوس شواب دا . گومان لەوەدا نیە کە کەسانێک مینا هێمن هەورامی وبەرهەم ساڵح  لەو ئاستە دان کە ئەرکی نوێنەرایەتی کوردیان لەو شانۆگەریە گرانجانەی شواب دا فرە باشتر و لەبارتەرتەر بەڕیوە ببەن و دەبا لە جیاتی مەلا باقی سنەیی بچوونایەتە داڤۆس . شاندی کوردی دەبا بیانزانیبا کە لێگێڕانەوەی کورد لۆ ئەو جۆرە کۆڕبەندانە بە تەنێ پەی دۆزینەوەی کڕیارە ئەڕای کۆمپانیا زل و زەبەلاحەکان و لەو ڕێگاوە کۆمپانیای دیلوێت و بەزمی بایۆمیرتی بە سەر خەڵکێکی وەکی کوردا ئەپڕن . ئەم ڕێکارە فێڵاویی و نامرۆڤانە گەیشتوەتە ئاستێک کە شوان و گاوانی کوردیش ئەبێ تۆماری بایۆمیتریان هەبێ کەچی لە وڵاتانی ئازادا فرمانێکی لەو بابەتەی حکوومەتی هەرێم ، هەڵا و هەرایەکی وای لێ ساز ئەبێت کە دکارێ سەری حکوومەتەی بخوات . حکوومەتە دۆڕاوەکەی کوردستان ، دۆڕاوە لە مەڕ مەردم کورد و جە هەموو باریکەوە ، لێ حکوومەتێکی کارا و کاریگەرە ئەڕای کۆمپانیا دەرەکیەکان . لۆیە ئەتانین بووشین کە حکوومەتی هەریم دە راستی دە حکوومەتی کۆمپانیا دەرەکیەکان و ئەوەش کە لە مەڕ کاروفرمانی ناوخۆیی یەوە دۆڕاوە لۆ ئەوان کۆمپانیا خوێنمژانە چ گرفتەک نینە .

چارەنووسی تفت و تاڵ و خوێناویی کورد جە باشوور و کارەساتە مێژوویی یەکانی مینا هەڵەبجە و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و کۆڕەو و کاولکاری گشتیی خاک و زێدی کوردان و هۆڤانەتی ذاعش لەم دواییانە و کارەساتی شنگال و کوردێن ئێزدی و دەریایەک خوێن و ئازار و فرمێسک و تالاویی داگیرکراویی و بن دەستی هەموو بەلایەک و کابرایەکی دۆڕاو و تڕۆلە و لەکارکەوتووی شێعەی عارەب بەلایەک ، هاوسەنگێکی فرە ناساز و نالەبارە کە نەدەبا هیچ سیاسیێکی پچەک ژییر خۆی لە قەرە بدابا . کابرای مالکی کەسێکی ناوزڕاوە لە کوردستان و هەروەتریش لە عێراق ، نەمازە لە ناو عارەبی سوننە دە و هەر دوێنێ بوو کە عارەبی شێعە ژی شاربەدەریان کرد ، بە کڵاشە کۆن کوردەکەوە ماچۆ . لێ ئەمە ناکاتە ئەوەی کە قیز و بێزی کورد لە مالکی ، گەر هەمووشیان نەبی ئەوا بەشێکی فرە گاورە و بەرچاو ، ببێتە هۆی ئەوە کە سەرۆکی کوردستان وسا بدوێ کە گوایە ئەوە مافی جەنابیانە پڕیارێک لەو ئاستە دا بدات . ئەمە قومارێکی دۆڕاوی سیاسی یە جە هەموو بارێکەوە . لەورا کو یەکەم ئاکاری تاکە کەسی و ڕکەبەری و رقەبەری تاکە یاریکەرەکانی سیاسی جە جیهانەکەوە سیاسەت دا شوێنێکی نینە . دووهەم ، ژ مرۆڤەک کورد رە گوتن بەرازەک دیتنە کە دەفڕی، ئەو ژی گوت بەراز دەعبایەکی پیسە ، فڕی ، فڕی . ئەمە دەقاودەق جیهانی سیاسەت ئەگرێتەوە . گەمەی سیاسی لە برازەکەی گورین پیسترە ، گەڕانەوەی مالکی لۆ دەسەڵات شتێکی سەیر و سەمەرەتر لە فڕینی بەرازەکە نابێت ، کە گەڕایەوە ، ئەگەڕێتەوە ، سیاسەت شتێکی پێسە و پیستەرتەر لە بەرازە داماوەکە و هەموو ئەگەرێک ژ سیاسەت دە ئاوەڵایە .

زێدەی ئەمەش ، مرۆڤ بۆی هەیە کە بپرسێ کە ئەرێ کوردگەل جە باشوور چ خێر و بێر و خوشێکیان لە عبادی بینیوە کە ئەمیان پێ باشتر بووت جە هەمبەر مالکی . ما هەر تک ئەندامی کارای ئێک حزبی ئیسلامی شێعەگەری سەفەویی نین . هەیا دوێنێ کورد دڵی ب ڤێ چەندێ خوەش بوو کە خۆ تەڤ ململانێی شێعە و سوونە نەکربوو لێ ئیرۆ ئەوەتا گۆڕ پەیڤێن سەرۆکی هەرێم ، کورد خوە تەڤ شەڕی دوو تاکەکەس ژ ناوبەرا ئێک حزبی ئیسلامی شێعە کریە . شەڕی مالکی و عبادی فرەتەر وەکی شەڕە وانێک و شەڕە درۆزنانەی مەلای عەجەمی مامۆستا و بەراتدەریان ئەچێت . ئەوەی کە گرینگە و خویایە ژی ئەوەسە

که عبادی به یەک توزکالیش لە ستراتیژی مالکی لای نەداوە جا ئیدی ئەم بەزمەی دوژمنکاری وەگەرد مالکی و دۆستایەتی لەل عبادی چ واتایەکی هەس . ئەو ئێک دوو وەزیر و گزیرەش کە کورد هەی بوو لە بەغدا نەمان لە سەردەمی عبادی دە و فێڵە مەلا عەجەمانە و عارەبانەشیان ئەوەسە کە کابرای عبادی خۆی بمرێنێ و تاوانەکەی ببڕێ بە سەر مالکی دا و بەمەش کورد لەو ئاستە دا بخاپێنێ کە بە بەرز کردنەوەی داهۆڵی مالکی ، هاوکاری و ئالیکاری سەرۆکی هەریم لۆ خۆی دەستەبەر بکاتن لەو ئاستە دا کە خوێنێ پێشمەرگە و سپای عێراقی تێکەڵ بە یەک بکاتن کە نێشانەیەکی زەقی دۆڕانی کورد و بزاڤیا نەتەوەیی کوردستانە . چاڕنامەی باشێک لە لایەن سەرۆکی هەرێم لە پێوەندی وەگەرد شەڕی مووسڵ چاڕنامەی دیکتاتوریەت و مڵ هۆڕی بوو کە تێیدا ڕاگەیندرا کە جەنابیان بێ منەتن لە هەموو کەسێک و کێ چێ دەکا با بیکا . ئەمەش بەو واتایە کە تەڤ بوونی کورد وەگەرد شەڕە وانێکی ناوخۆیی ناو ئێک حزبی ئیسلامی شێعە، حزبی دەعوە ، بووە کارگەی دیکتاتورسازی و کوشتنی گیانی پێکڤە ژیان و برایەتی .

جە بابەتەک پێشووترا " سەربەخۆیی کوردستان سەرتان بخوات ..." مە هەنەک گەنگەشەی ڤێ چەندێ کر کو سەردانی شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم لۆ بەغدا و قوت بوونەوەی کۆمپانیای دیلوێت لە کوردستان ، سەربەخۆیی ئابووری کوردستانی خستە بەر مەترسی سوور . پاشان شەڕی میسل و گەڕانەوەی سپای عێراقی بۆ سەر خاکی کوردستان و ڕەوتی بەرەو پێش چوونی ئەو شەڕە ، سەربەخۆیی سیاسی کوردستان ئەخاتە بەر مەترسی سوورتر جە سەربەخۆیی ئابووری . دە ڤێ دەمێ دە مە باڵا خوە دایە سەر هەنەک هۆکاری سیاسی و ئابووری و ستراتیژیکی گەڵەک گرینگ کو کوردان ناچار کر کە بە هەڵە مڵ بەو بابەتە هەڵس و کەوتە بدات . قەیرانی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی و قەیرانی ناوچەیی سووریە و عیراق و تورکیە و عەجەمەستان و مژاری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامریکا و ململانێی کۆماری و دێمۆکڕاتەکان لەو وڵاتە و قەیرانی ئوکرانیا و لەویشەوە بۆ قەیرانی ئاورووپا و ڕووس و ئامریکا دەبا بنەمای لێکدانەوەی بابەتیانەی گەڕانەوە و چوونی شاندی کوردی لۆ بەغدا با ، کەچی سەرۆکی کوردستان دە سەر هەمان شۆپی مافی دیاریکردنی چارەنووس ، مالکی وەک هۆکاری سەرەکی چوونیان لۆ بەغدا و ملدانیان بە هاوکاری بەغدا و هێنانەوەی سپای عێراقی بۆ سەر خاکی کوردستان و تێکەڵ کردنی خوێنی پێشمەرگە وەگەرد سپای عێراق تێرێتە ئاراوە . گەر وا بێت ، لەوانەشە کە هەروابووبێت جە ڕوانگەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ، ئەوە ئیدی دێوەزمە و تارمایی مالکی یە کە چارەنووسی کورد دیاری ئەکات ، هەم لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی دا و هەمیچ ژ سیتراتیژی دواڕۆژی دا واتە سەربەخۆیی . ئەزموونی مالا خومەینی و سەدام و رقەبەری کوێری نێوانیان ، کاولکاری ولاتی عەجەم و عارەب و کوردستان و ڤڕکردنی ئەو خەڵکە کرد کە بوونە قوربانی ئەو رقەبەریە کوێر و کوور و دواکەوتووانە . خوا بمان پاڕێزی لە ئاکامی رقەبەری سەرۆکی هەرێم و مالکی ، هەر چەندە تا ئێستا نەی پاراستووین .

گەر ولو بێتن ، ئەزبەنی ، ئیدی ئەبێ دەسخۆشی لە نەیارانی ناوخۆیی سەربەخۆیی کوردستان بکەین نەمازە ئەوانەی کە لە سلێمانی باوەشیان ئەڕای مالکی ئاوەڵایە . ئەشێ ئەوانەی کە لە کوردستان جە ئاقاری گەڕانەوەی مالکی هەڵپە و هەوڵیانە لەوە تێگەشتبێتن کە ئەگەری گەڕانەوەی مالکی لۆ دەسەڵات کورد لە سەربەخۆیی نزیک تر ئەکاتەوە . ئەم سیناریۆ جەفەنگ ئامێزە ، گاڵتەجاڕ و جەفەگی تەواویش نیە و تەنیا ئەوە دەرئەخاتن کە چارەنووسی کورد لە سەدەی ۲۱ دا تووشی چ بابەتە سیاسەت و بوچوونێک بووەتەوە و ئیدی خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانیچ ئەشی لە جیاتی هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سپایی و تیتۆریکی ، بگەڕێن بۆ هۆکارە تاکە کەسیەکان و ڕقەبەری تاکەکەسی کە چارەنووسیانی تووشی ئەو دۆخە مەترسیدار و قەیراناویی کردگە . حکومەتی دۆڕای باشووری کوردستانیش ئەشی وەکی بەرهەم و ئاکامی وەها هەڵس و کەوتێک لە سەر بنەمای رکەبەری تاکە کەسی بنرخێندرێ .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

۲۰۱۷/۰۱/۲۳